# سیاسەتێکی دووبارە وهێرشێکی چەندجارە!

13-03-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** هێرشەکەی هەولێر، بەشێکە لە سیاسەتێکی دووبارەی ئێران بەڵام ئەمجارەیان لە قۆناخێکی هەستناکدا کران کە عێراق، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی پێیدا دەڕوات؛ بە ئامانجکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ناوچە و شوێنێکی جیاوازتر لەوانەی کە بە نەیاری خۆی دەزانێت!

**زریان رۆژهەڵاتی|**

**بەرایی**

هێرشەکەی هەولێر، بەشێکە لە سیاسەتێکی دووبارەی ئێران بەڵام ئەمجارەیان لە قۆناخێکی هەستناکدا کران کە عێراق، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی پێیدا دەڕوات؛ بە ئامانجکردنی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ناوچە و شوێنێکی جیاوازتر لەوانەی کە بە نەیاری خۆی دەیزانێت!

وا مەزەندە دەکرێت موشەکەکان لە سنوورەکانی هەردوو پارێزگای کرماشان و ئازەربایجانی رۆژئاواوە هاوێژرابن کە جگە لە شوێنی حەوانەوە و زیانگەیاندن بە هاوڵاتیانی سڤیل، چ ئامانجێکی دیکەی نەپێکاوە. کەناڵەکانی نزیك لە ئێران جۆری موشەکەکانیان بە گرادی 122ملم ناوبردووەو هەندێك لە سەرچاوەکانی هەرێمی کوردستانیش پێیانوایە کە ئەوە لە جۆری فاتح 110یە کە پێشتریش بەکارهێنراون. پاڵنەرەکانی هێرشەکەی ئەمجارە کامەن و پێویستە هەرێمی کوردستان چی بکات؟

**هێرشەکەی ئەمجارە بۆچی کرا؟**

سوپای پاسداران لە بەیاننامەیەکدا گوتویەتی لەدوای" تاوانەکانی ئەمدواییەی رژیمی دروستکراوی زایۆنی" و "راگەیاندنی پێشوەختە سەبارەت بە وەڵامدانەوە"،" ناوەندی ستراتیژی پیلانگێڕی و شەڕانگێزی" کردۆتە ئامانج. رەنگە ئەمەش ئاماژەیەك بێت بە کوژرانی دوو فەرماندەی ئێرانی کە لە رۆژانی رابردوودا لە سوریا کرابوونە ئامانج. لەڕاستیدا هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنیت کە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ئیسرائیلی لە هەولێر بووبێت تاوەکو کرابێتە ئامانج، ئەمە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە رەتکراوەتەوە و حکومەتی عێراقیش ئەمەی قبول نەکردووە. ئەوەی لە هێرشەکە زیانی پێگەیشتووە شوێنی حەوانەوەی خەڵك و ناوچەی سڤیل بوون.

راستییەکەی ئیسرائیل ئەوەندەی لەنیو خاکی ئێران و سووریا هێرشی لەسەر ئێران کردووە، ئەوەندە لە شوێنی دیکەی وەك هەرێمی کوردستانەوە ئەو کارەی نەکردووە. تەلئەبیب ئەو توانستەی پیشانداوە کە دەتوانێت لەناوخۆی ئێران بە هەزاران بەڵگەنامەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران ببات، زانا ئەتۆمییەکانی بکوژێت و هێرشی سایبری بکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی ئێران. لە سووریاش بە رەزامەندی رووسیا هەرجارناجارێ هێرش دەکاتە سەر بنکەو بارەگاکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی. هێرشی ئێرانیش بۆسەر ئەمریکا و هاوپەیمانی نیودەوڵەتیش زیاتر بۆ سەر کۆمپانیا لۆجستیکییەکانە نەك خودی ئەمریکییەکان. ئەگەر ئامانجەکە هێرشکردنە سەر ئەو وڵاتانە بێت کە ئێران بە نەیار و دوژمنی خۆی دەیانزانێت، ئەوا بێشك ئادرەسەکەی هەولێرنییە. بەڵام وەك زۆرجار، ئێران لە شوێنیکی دوورتر لە نەیارەکانی شەڕی نەیارەکانی دەکات!

لەڕاستیدا ئامانجی هێرشەکان ئەوە نین کە راگەیێنراون و دەشێ چەند هۆکارێکی جیاوازیان بۆ ریز بکەین.

**یەکەم: ئەگەری وەرچەرخانی هاوسەنگییەکانی هێزداری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست**

جیهان ئێستا بە کردەوە لە قۆناخی زیندووکردنەوەی سەردەمی شەڕێکی ساردی دیکەدایە. سیاسەتەکانی هاوپەیمانی و چەکدارکردنی وڵاتان خەریکە بە خێرایی گەشە دەکات. ئەمە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێوەی خێراتربوونی گۆڕانی سیاسەتی هاوپەیمانییەکان و گەشە پێدانی توانای سەربازی وەرگێڕدراوە.

نزیکبوونەوەی تورکیا لە ئیسرائیل، دوای 14 ساڵ دابڕان، هەروەها نزیکبوونەوەی تورکیا لە ئیمارات و وڵاتانی دیکەی کەنداو، لەتەنیشت ئەوەشدا، پرۆژەی ئاشتی عەرەب- ئیسرائیل، کرانەوەی وڵاتانی عەرەبی- کەنداو بەڕووی عێراق و سووریا، لە گرنگترین ئەو سیاسەتە زەبەلاحەی هاوپەیمانین کە دەشێ لەدوای هێرشەکەی رووسیا بۆ سەر ئۆکراینا خێراتربووبن و ئەمەش ئەو خاڵەیە کە بەکردەنی، دەتوانێت تەگەرە بۆ باڵادەستیی ئێران لە عێراق و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆشبکات. بۆ نموونە تورکیا لەدوای هەڵبژاردنەوە تاوەکو ئێستا چوارجار دانوستاندنی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد و سوننەدا کردووە و لە هەرێمی کوردستانیش، خەریکە کرانەوەیەك بەڕووی سلێمانیدا دەکات. کونسوڵی تورکیا چەندجارێك سەردانی ئەوێی کردووە و بڕیاریشە قۆتابخانەی مەعاریف لەوێ بکرێتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەنقەرە چاوی لە بازاڕی عێراق و هەرێمی کوردستانە بە وزەشەوە بە تایبەتی گازی سروشتی. ئالێرەوەیە کە رەنگە ئێران خوازیاربێت بەهۆی ئەو هێرشانەوە ئەو پەیامە بدات کە نزیکبوونەوەی زۆرتری هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا بۆ ئەو هێڵی سوورە.

خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە هێرشەکە چەند ڕۆژێك دوای سەردانی سەرۆککۆماری ئیسرائیل بۆ تورکیا و سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وڵاتە، هەروەها لە دوای ڕاگرتنی ناڕاستەوخۆی دانوستاندنەکانی ئێران لەگەڵ سعودی دێت کە بڕیاربوو لەو ماوەیەدا گەڕی پێنجەمی بەڕێوەبچێت.

**دووەم: وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لە دانوستاندنەکانی ڤییەنا**

جۆزیف بۆرێل بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا ڕاگرتنی دانوستاندنەکانی بە هۆی" فاکتەرێکی دەرەکی" ڕاگەیاندبوو کە پێدەچێ مەبەستەکەی ڕووسیا بێت کە داوای مافی پارێزراوبوونی لەگەمارۆ کردبوو لە ئەگەری هەرجۆرە مامەڵەیێکی داهاتوویی خۆی لەگەڵ ئێران.

ئێرانییەکان دەزانن کە ئیدارەی بایدن، لەم سەروبەندەی گرژییەکانی خۆی لەگەل ڕووسیا و چین دا حەزی لە ڕێککەوتنەوەیە لەگەڵ ئێران، بۆیە دەیانەوێت تاوەکو پێیان بکرێ گوشار بکەن  بۆ ئەوەی ئیمتیازی زیاتر وەربگرن.

لەسەرەتاکانی ئەم مانگەدا کۆمەڵگەی هەواڵگری ئەمریکی هەڵسەنگاندنی 2022ی خۆی بۆ هەڕەشەکان بڵاوکردەوە کە تێیدا باسی لەوە کردووە ئێران بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەردەوام دەبێت لە هەڕەشەکردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئانتۆنی بلینکن داوایکردووە کە ئەوە کاریگەری نەکاتە سەر دانوستاندنەکانی ڤییەنا.[1] پێدەچێت ئەمە لە خواستی ئیدارەی بایدن بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ ئێران و دۆخی ئێستای ئەو وڵاتە لە ڕکابەرییە هێزدارییەکانی واشنتن لەگەڵ چین و ڕووسیاوە سەرچاوەی گرتبێت.

ئێستا واشنتن لە ناوچەی ئیندۆ پاسیفیك تووشی هەڕەشەی گەورەبوونی چین بووە. لە ئەورووپا مۆتەکەی پووتینی لێ ڕاست بووەتەوەو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش، گرفتی ئێرانی هەیە. بۆیە ڕەنگە بە تەمابێت لانیکەم لەڕێی ڕیککەوتن و هاوسەنگکردنی باڵانسی هێزەوە، خەیاڵی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاسوودە بکات تا بە ئاسانی بپەرژێتە سەر ئەوانی دیکە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەگەری ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران دەتوانێت ئاهێك بە بازاڕی وزەدا بهێنێتەوە کە ئێستا فرێوە. ئێرانییەکان ئەمە دەزانن، بۆیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لە جاران هێرش دەکەن.

**سێیەم: هاوپەیمانیی پارتی لەگەڵ سەدر**

هەرچەند پارتی دیموکراتی کوردستان تاوەکو ماوەیەکی درێژ پێداگری کرد لەوەی کە شیعەکان لە نیوخۆ ڕێکبکەون ئەوسا لەگەل کورد دانوستاندن بکەن و جارێکیش دەستپێخەرێکی کرد بۆ ئەوەی سەدر و چوارچێوەی هاوئاهەنگی لێك نزیك بکاتەوە بەڵام، ئێرانییەکان بە ئاگان لەوەی کە لانیکەم تاوەکو ئێستا هاوپەیمانییە سێقۆڵییەکەی سەدر- بارزانی- حەلبووسی بنەمایەکی تۆکمەی هەیە و، ئەمەش لە داهاتوودا لەوانەیە وەك بەهێزبوونی ئەو حیزبە لە هەرێمی کوردستان وەربگێڕدرێتەوە. بە تایبەتیش کە هێشتا پێداگری لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار دەکات. ئەگەر وا بێت، پارتی بە پاڵپشتی هاوپەیمانییەکەی لەگەل سەدر و حەلبووسی، دەتوانێت بەشێك لە پرسەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا یەکلا بکاتەوە کە گرنگترینیان پرسی بودجە، دادگای فیدراڵی و یاسای نەوت و گازە، ئەمەش وادەکات پێگەکەی لەوەی ئێستای باشتر بێت.  بۆیە ڕەنگە ئامانجێکی هێرشەکە پەیوەندی بە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت و مەسەلەی پشکەکانی کوردیشەوە هەبێت.

**چوارەم: گازی سروشتی کوردستان**

کەوتنی موشەك لە نزیك ماڵی بازرگانێکی  کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان لەم هێرشەدا، ئەو گومانەی دروستکردووە کە لەوانەیە هیرشەکە پەیوەندی بە بابەتی وزەشەوە هەبێت. ئێستا زیاتر لە جاران باس لە ئەگەری زیادبوونی بەرهەمی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەکرێت. ئەمە بە لەونێکە کە سەرۆککۆماری تورکیاش باسی کردووە. کومپانیای دانەگازیش کە یەکێك لەو گرنگترین کۆمپانیایانەیە کە لەو کەرتەدا کاردەکات، ڕایگەیاندووە کە لە 2023دا  بەرهەمەکەی دەگەیەنێتە 700 ملیۆن پێ سێجا.[2] ئەگەر بێت و ئەمە وابڕوات و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بە کردەوە جێبەجێ نەکرێت، گازی سروشتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت گرفت بۆ ئێران

دروستبکات. بە تایبەتی کە عێراق بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا، گاز لە ئێران دەکڕێت و ئێرانیش بە تەمای وەرگرتنی گرێبەستێکی درێژخایەنە لەگەڵ عیراق بۆ پێدانی وزە. ئەگەر بێت و هەریمی کوردستان نائارام بیت، ئەوسا بێشك دەرفەتی گەشە پێدانی ئەم کەرتە کەمتر دەبێت.

**ئەنجام**

هێرشەکەی ئەمجارەی ئێران  پەیوەندی بە جەنگێك و سێ دانوستاندنەوە هەیە. دانوستاندنی هاوپەیمانییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دانوستاندنەکانی ڤییەنا و دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا. شەڕی ئۆکرایناش داشی ئێرانی سوار کردووە تاوەکو لەکاتیکدا کە جیهان سەرقاڵی ئەوێیە، ئەو لێرە بە ئارەزووی خۆی ئەسپەکەی تاو بدات. شەڕی ئیسرائیل لە هەرێمی کوردستانەوە ناکرێت ئەگەرلەڕاستیدا ئامانجەکە شەڕی ئەو دەوڵەتە بێت. پێویستە هەرێمی کوردستان بەڕەسمی داوای هەڵوێست لە حکومەتی عێراق بکات و کار بکات بۆ ئەوەی ئەمە وەك شکاتی رەسمی لە نەتەوەیەکگرتووەکانیش تۆمار بکرێت. لەوانەیە ئەمە لەسەر زەوی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی نەبێت و دواجار ئەو هێزە بێت کە بتوانێت رێ لەوە بگرێت، بەڵام وەك هەنگاوێك بۆ لێسەندنەوەی رەوایی لە دووبارە بوونەوەی ئەو هێرشانە بایەخی خۆی هەیە.


سەرچاوەکان

[1] ـ https://www.cbsnews.com/news/iran-threats-pompeo-nuclear-deal/

[2] ـ http://rudawrc.net/?p=1861